# ڕۆژنامەگەری کوردی و
# بەزاندنی سنوورەکانی نێوان تاك و گشت

**نووسینی بەکر ئەحمەد** 21ی ئازاری 2005

هەواڵە پچکۆلەکان, کەمترین ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان داگیردەکەن. بەڵام هێشتاش هەواڵێکە و چەند دێڕێکی لە تووێی ڕۆژنامەدا داگیرکردووە. زۆر جار ئەوەی هەواڵێکی بچکۆلە دەیڵێت, مانشیستی گەورەی ڕۆژنامە لە توانایدا نییە. چەند ڕۆژنامەیەك بخەرە سەر چەند مێزێکی جۆراوجۆر و سەرنجی ئەو کەسانە بدە کە لای ئەو مێزانەوە دادەنیشن و ڕۆژنامەکە دەگرن بە دەستەوە. یەکێك لە هەواڵە وەرزشییەکانەوە دەستپێدەکات, یەکێکی دی لە لاپەڕەی کولتوری و ئەدەبییەوە, سێیەمییان, ناوخۆییەکان, چوارەمییان, ڕەنگە بە تەنها سەیری وێنە و ناونیشانی وتارەکان بکات و دواتر لەو شوێنەوە دەستپێبکات کە خۆی دەیەوێت. لەگەڵ ئەم هەمە ڕەنگییەی کە خوێنەران بۆ خوێندنەوە هەیانە, هێشتا بەشێکی زۆری هەواڵە پچکۆلەکان, پانتاییەکی ئێجگار گەورە داگیردەکەن.

من لەم وتارەدا سەرنجم دەچێتە سەر ئەو هەواڵە بچکۆلانەی کە دوو ڕۆژنامەی کوردی , "هاولاتی" و "جەماوەر" لە دوو ژمارەی ئەخیریاندا بڵاوییانکردۆتەوە.

بەر لەوەی لەو هەواڵە بچکۆلانەی دووا ژمارەکانی هەر دوو ڕۆژنامەی ناوبراوە دەسپێبکەم, ڕوونکردنەوەیەکی کورتم لەسەر بەشێکی گەورەی ئەو هەواڵە بچووکانە دەبێت کە لە ناوەڕۆکدا, دەکرێ هەواڵی ئێجگار گەورە بن و چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتی و کولتوری بچووکیانیکردوونەتەوە. مەبەستی سەرەکیم: هەواڵی کوشتن و خۆسووتاندنی ژنانە کە سەرتاپای ڕۆژنامەکانی کوردستانی داگیرکردووە و هیچیشیان لە چەند دێڕێکی کورت تێناپەڕن. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی لە بچووکنیشاندانی ئەم هەوالانە لە پلەی یەکەمدا لە گەورەیی ژمارەی ئەم دیاردانەدا بێت کە کۆمەڵگا وەك کارێکی ڕۆتینی چاویلێدەکات و هێندە دووبارە بوونەتەوە کە کۆمەڵگاش, نەك هەر هەموو هێزەکانی ناوی, لە لای ئاسایی بۆتەوە. هۆکارێکی دی پەیوەندی بە جێگا و ڕێگای قوربانییەکانی ئەم دیاردانەوەن کە لە کەمترین ئیمکانانەکانی دەسەڵات بەهرەمەندن.

پاش ئەم ڕوونکردنەوە کورتە, با سەرنجێك لە هەندێك لە و هەواڵە بچووکانە بدەین کە تەوەری باسەکەی منە.

کەیسی یەکەم: ڕۆژنامەی هاولاتی لە 204ی ڕ 2ی مارسی 2005دا دەنووسێت:" دەست درێژی دەکرێتە سەر ژنێکی 60 ساڵە" درێژەی هەواڵیش بریتییە :" لە گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی, ڕۆژی 24ی شوبات چەند کەسێکی نەناسراو دەچنە سەر ماڵی ژنێك بە ناوی (نەرمین سەعید ناکام)کە تەمەنی 60 ساڵە و عەزییەتی دەدەن. دوای ئەوەی نەرمین بەبێ جل و بەرگ, بەبەستراوەیی دوو شەو و ڕۆژێك لە ماڵەکەیدا دەمێنێتەوە, پۆلیس بە ڕووداوەکە دەزانێت و دەگەێنرێتە نەخۆشخانە. پاش پشکنینی دانێکی شکاوە و گیانی شوێنی چەند پەڵەیەکی لێدانی توندی پێوە ماوە. نەرمین ناکام ماوەی 12 ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی, ساڵێکە گەڕاوەتەوە کوردستان و بە تەنیا ژیان دەگوزەرێنێت. لیوا (ئەحمەد عەلی عارف)بەڕێوەبەری بنکەی سەرچنارئاماژەی بەوە کرد کە ناوبراو لەبەر ئەوەی بێهۆشە و لە نەخۆشخانەیە و ناتوانێت قسە بکات., تا ئێستا وتەی وەرنەگیراوە."

کەیسی دووەم: لە ڕۆژنامەی (جەماوەرەوە): ژ 166 ڕ 28ی شوباتی 2005:" ژنێك بە ناوی ئامینە کە خێزانی عوسمان گەناوییە و نازناوی مێردەکەی عەبدولشەهیدە, مێردەکەی ماوەی شەش مانگە لە ئاسایشی سلێمانی گیراوە لەگەڵ دوو کەسی تر, شایانی باسکردنە ئەم ژنە لە شەوی هەینی 11ی شوباتی 2005 لە ماڵەکەی خۆیدا کوژراوە کە وا تەسەور دەکرێ بە چەقۆ کوژرابێ کە برینێکی لە گەرووی ملییەتی و برینەکەی تریشی لەسەر شانییەتی. دوای کوشتنیشی ڕووت ڕووت کراوەتەوە لەلایەن بکوژەکەوە. ئەم ژنە دوو منالی هەیە بە ناوی ( شەیما و شاتوو). لە ڕۆژی 132 شوباتدا , کەسوکاری ژنەکەیان بردۆتەوە بۆ هەولێر و لەوێ بە خاکیان سپاردووە کە ژنە بە ڕەچەڵەك هەولێرییە و مێردەکەیشی خەڵکی گوندێکی بناری پشدەرە. مێردی ئەم ژنە سەر بە کۆمەڵی ئیسلامییە . دوای گەڕان بە دراوسێ نزیکەکانی ئەم ماڵەی کە ژنەی لێکوژراوە, وا دەردەکەوێت کە ئەم ژنە لایەنی ئەخلاقی زۆر باش بووە و لە ڕووی مادییەوە کەم دەست و هەژار بوون. تا ئێستا بکوژی ئەم ژنە دیار نییە."

کەیسی سێیەم: هاولاتی ژ 215 ڕ 9ی مارسی 2005." ڕۆژی 2ی مارس کوڕێکی تەمەن 19 سال لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی, تووشی هەڵچوونی دەروونی دەبێت و بە کلاشینکۆف دوو گوللەی بەخۆیەوە ناوە, پاش ماوەیەکی کەم گیانی لە دەستدا. ئەو لاوە ناوی (ئاغا قادر مستەفا)یە و پێشمەرگە بووە لە هێزی بەرخۆدانی پارتی."

پرسیار ئەوەیە: بۆچی ڕۆژنامەگەری کوردی بۆشاییەك لە ژیانی شەخسی ئینسانەکاندا بە نەشاراوەیی ناهێڵێتەوە؟ چ سنوورێك لە نێوان فەردی وگشتیدا هەیە؟ کام زانیارییە دەکرێ شەخسی بێت و کامانەش دەکرێ بخرێنە بەرچاوی گشت؟

لە هیچ یەکێك لەو هەوالانەی سەرەوەدا, گومانێك لای خوێنەر نامێنێتەوە کە کەسی کوژراو, دەسدرێژیکراوە سەر, خەڵکی چ گەڕەکێکە, ناوی چییە و تەنانەت ناوی منالەکانیشی چییە, ئینتیمای حزبیەکەی چییە؟ تەنانەت لە هەندێك هەواڵەکاندا, نەك هەر ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەمپێدان, بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی, نووسەری هەواڵ کۆمەڵێك پانتایی گەورە لە دیدی خۆوە بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت کە هیچ مەوزوعییەتێکی ڕۆژنامەگەری تیا نامێنێ: " وا دەردەکەوێت کە ئەم ژنە لایەنی ئەخلاقی زۆر باش بووە و لە ڕووی مادییەوە کەم دەست و هەژار بوون."

ئەوەی جێگای تێڕامانینی من دەبێت لەم وتارەدا, لێرەوە دەستپێدەکات کە تاوانبار یاخود قوربانی, لە هەر یەك لەو کەیسانەی سەرەوەدا و لە بەشێکی گەورەی هەواڵنێری ڕۆژنامەگەری کوردیدا, لە تەواوی خەسڵەتە ئینسانییەکانی خۆیان دەکرێن و بە ڕووت و قوتی دەخرێنە بەرچاوی گشتێکی گەورە. پرسیار ئەوەیە: جێگاو ڕێگای حورمەتی شەخسی ئینسانەکان, نەك هەر وەکو قوربانی , بەڵکو وەك تاوانبارێکیش, کێ دەیپارێزێت. کاتێك کەسێك لە دادگادا تۆمەتی بەسەردا ساغ نەبووەتەوە, بۆچی ڕۆژنامەگەری کوردی دەبێتە حاکم و بڕیاری خۆی نەك هەر لە ساڵۆنی دادگادا, بەڵکو لە بەرچاو جەماوەرێکی بەرینی گشتیدا دەردەکات؟

لە هیچ ڕۆژنامەگەرییەکی ئەوروپادا, هیچ کام لەو هەواڵانە ناتوانرێت بەسەر دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەدا تێپەڕێت و سەرتاپای هەواڵەکە نەگۆڕدرێت. ڕۆژانە لە وڵاتێکی وەکو سوییدا هەواڵی کوشتن و کارەسات و ماڵگرتێبەربوون و چەندەها شتی تر بڵاودەکرێتەوە و لە هیچ کام لەو هەواڵانەدا, ئاماژەیەك بە قوربانی و تاوانبار وەك ئەوەی ناویان چییە و لە چ شوێنێکی شاردا دەژین, نابینرێت. "بە هۆی کێشەیەکی خێزانییەوە, وەك یەکەمین لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس ڕایدەگەێنێت, ژنێك دەگەێنرێتە خەستەخانە لە ڕۆژئاوای شاری یۆتۆبۆریدا."

ئەوەی کە نووسینی هەواڵی کێشەیەکی خێزانی بەم شێوەی سەرەوە دەردەبڕێت, بە زەڕڕە لە ڕاستی و دروستی هەواڵ کەم ناکاتەوە و خاڵی جەوهەری کە ڕۆژنامەنووس ناچار دەکات کە هیچ ئاماژەیەکی شەخسی بە دەستنیشانکردنی قوربانی نەکات , یاسای ئەساسی سوید لە پەیوەند بە چاپەمەنی و یاسای زانیارییە تایبەتییەکانی تاکە.

من هیچ یاسایەکی تایبەتی کوردستانم لەبەردەستدا نییە تابزانم هیچ نەبێت لەباری قانوونییەوە بەکارهێنانی ناوی سیانی و دوانی و شوێنی ژیان و تەنانەت ناوی منالێش چەند لە بڕگە یاساییەکاندا شوێنی بۆ کراوەتەوە لە پەیوەند بە پاراستنی حورمەتی شەخسی ئینسانەکانەوە. بەڵام ئەوەی کە دڵنیامدەکات کە چوارچێوەیەکی یاسای وا لە ئارادا نەبێت, نەبوونی هیچ کاردانەوەیەکی نەك هەر گروپی بەڵکو شەخسیشە لەبەرانبەر ئەم پرۆسەی پەردەهەڵماڵینە فەردییانەدا کە لە تەواوی ڕۆژنامەکانی کوردستاندا دەبینرێت.

ئەوەی کە لە پشت ئەم بێدەربایستییە کۆمەڵایەتییەوەیە کاتێك ڕۆژنامەکان ئەم هەواڵانە بەو شێوەی سەرەوە بڵاوبکەنەوە, لە خاڵی یەکەمدا: چەندێتی ڕاستی و دروستی هەواڵە, واتا کەسی ڕۆژنامەنووس, پێیوایە بەم ووردەکارییە شەخسییانە, هەواڵ لە چوارچێوەیەکی ڕاستگۆیانەتردا جێدەخات و ئیعتیبارێکی زیاتری پێدەبەخشێت.

خاڵێکی تر کە جێگای ئاماژەپێدانە, بەزاندنی سنوورەکانی کاری ڕۆژنامەگەری و کاری دەسگاکانی پۆلیسە, پرسیارێك کە لە وڵاتانی ئەوروپادا جێگای مشومڕێکی گەورەیە. واتا ڕۆژنامەنووس بێ ئەوەی پێی بزانێت دەبێتە پۆلیسێکی نا یاسایی و ئەوەی لێکۆڵینەوەی دەسگای پۆلیس دەبوایە ئەنجامی بدایە, ئەو دەیکات و بەمەش کاری پۆلیسی ئاسانتر کردۆتەوە. هاوکات مێژووی کورتی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا و نەبوونی کادرانێکی چالاکی ئەم بوارە, ناکرێت وەك هۆکارێکی دیکەی ئەم بێدەربایستییە گەورەیە سەرنجنەدرێت.

بەڵام هۆکارەکان چەندە گەورە بن, هیچ لەو ڕاستییە سادەیە کەمناکاتەوە کە ژیانی ئینسانەکان و حورمەتی شەخسی ئەوان, جێگای پەردە لەسەرلادان نییە لە بەرچاوی جەماوەرێکی بەریندا کە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی مەترسیدارترە ئەگەر ئەو چوارچێوە کولتورییە لەبەرچاو بگرین کە هەواڵی تیادا بڵاودەکرێتەوە.

ئەگەر لە ئەوروپادا کۆمەڵگایەکی مەدەنی و بزووتنەوەیەکی ئینساندۆستی گەورە لە مێژوویەکی درێژدا, ئاستی حورمەتی شەخسی ئینسانەکانی لە پەیوەند بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و تەواوی مافە فەردی و مەدەنییەکانیادا بەم ڕۆژگارە گەیاندووە, کارێکی ئێجگار حەیاتییە کە ئەم پرەنسیپە وەك نەریتێکی مۆدێرن و وەك ترادیسۆنێکی ئینساندۆستانە, لە مێدیای کوردیدا جێبکەوێت. ئەوەیشی کە گرنگییەکی گەورە بە بڵاونەکردنەوەی ناوی شەخس و شوێنی ژیان و تەواوی تایبەتمەندییە فەردییەکانی دیکەی ئینسان دەدات, ئەو چوارچێوە کولتورییەیە کە کۆمەڵگای کوردی خۆی تیا دەبینێتەوە. بە واتایەکی دی, ئەو کولتورە باڵادەستەی کە بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بە لە دایکبوونی تاکێکی ئازاد نادات تا خۆی بەرپرسیاری کردەوە چاك و خراپەکانی خۆی بێت, نەك کردەوەکانی ئەو لە پرۆسەی پەیوەستبوونی ئەو بە کۆلێکتیڤێکی گەورەتری وەك بنەماڵە و عەشیرەت و نەتەوە وە بپێورێت و ڕوخسارێکی یەك دەموچاوی بکاتە دەموچاوێکی گەورەی ئەو گروپانە. ئەگەر قسەوباسەکان لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا گوێچکە کەڕدەکات و هیچ ئاکامێکی گەورەی دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵگایە دیار نییە, ئەوە دەستپێکردن لە پاراستنی حورمەتی شەخسی ئینسانەکانەوە بۆ دروستکردنی تاکێکی ئازادی دابڕاو لە کولتووری کۆلێکتیڤیستییانەی خێڵ و ئایین و نەتەوە, گەورەترین و گرنگترین هەنگاوی ئەم کۆمەڵگا مەدەنییە دەبێت. کۆمەڵگای مەدەنی بە بێ تاکی ئازاد, نەك زەمینەکانی نەڕەخساوە, بەڵکو قسەکردیش لەسەری , نوکتەیەکی بێ تامە.

## ئاشکراکردنی ناوی تاوانبار و قوربانی لە کۆمەڵگای کوردیدا

کاتێك زەمینەکانی "هەڵاواردن", واتا مامەڵەکردنی جیاواز بە ئینسانەکان لە کۆمەڵگادا ئامادەیی هەبێت, ئەوا کۆمەڵگا و هێزە ئینساندۆستەکانی ناوی دەبێت کارێك ئەنجامبدەن تا کاریگەرییەکانی ئەم هەڵاواردنە کەمکەنەوە یان نەیهێڵن. بەوەی لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆی ئەوروپادا, زەمینەکانی ڕاسیزم و دژایەتی پەنابەران و کۆچبەران بە شێوەی سیستەمێك ڕێگری لەبەردەم تاکەکانی سەر بەم گروپانە پێکدەهێنێت لە تەواوی بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا, بە

نموونە لە بازاڕی کاردا, بۆیە پێشنیاری ئەوەی کە داخوازییینامەی کارکردن دەبێت بە بێ ناو تەمەن و خەڵکی کام وڵاتەیە لە ئەساسدا, بە شێوازێکی نهێنی بهێڵرێتەوە تا کو خاوەنکار نەتوانێت ئەو کەسە هەڵبژێرێت کە سەر بە گروپی خۆیەتی. واتا خاوەنکار تەنها داخوازییینامەیەکی کاری لەبەردەمدایە کە توانایییە فەردییەکانی ئینسان بڕیاردەبێت شیاوی فلانە کارە یاخود نا.

کاتێك سەرنجێکی کۆمەڵگای کوردی دەدەیت, هەستدەکەیت, ئەم کۆمەڵگایەش پڕ لە هەڵاواردنی گەورەیە و ڕۆژانەش بەرهەمدەهێنرێتەوە. تۆ ئەگەر بە دارشەق بڕۆیت, ناتوانیت داوی کارێك بکەیت کە دارشەق پێ بوونیش, لە ئەنجامگەیاندنی کارەکە کەمناکاتەوە. کاتێکیش دێیتە سەر ئەو لایەنەی کە پەیوەندی بە کەیسی کوشتنی ئینسانەکانی کۆمەڵگاوە هەیە, ئیتر ئینسان لەبەردەم کۆمەڵێك کۆدی کولتوری تردا خۆیدەبینێتەوە کە نەك هەڵاواردن دەکاتە پرۆسەیەکی حەتمی, بەڵکو ژیان و چارەنووسی دەیەها کەسی دی بەخۆیەوە لە بۆشایییەکی گەورەدا هەڵدەواسێت.

دیاردەی خۆکوشتنی کەسێکی سەر بەخێزانێکی دیاریکراو, یاخود کوشتنی لەلایەن کەسێکی دییەوە, خۆسووتاندنی کچێك, یان کوشتنی لەلایەن بنەماڵەوە , هیچ کام لە مانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی قوربانی و تاوانبارەوە نییە. بەڵکو تۆڕێك لە پەیوەندی دیکەی کۆمەڵایەتی دەوری کەسی کوژراو و کوژەر دەدات و ئەم پرۆسەیە لە ڕەهەندی فەردییانەی خۆی دەردەهێنێت و دەیکاتە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی. کەم نین ژمارەی ئەو کچ و کوڕانەی کە بەهۆی کارەساتی کوشتنەوە کە برا یاخود خزمێکی دی تیایدا وەك کوژراو یاخود کوژەر بووە, لە پرۆسەیەکی گۆشەگیری کۆمەڵایەتیدا ژیان بەسەر دەبەن. بیستنی دەستەواژەی:" کچی فلانە کابرایە کە کوڕەکەیان لەسەر فلانە کێشە کوژرا", دەرخستنی ئەو تۆڕە بینراوانەی کاریگەری دیاردەی کوشتنێکە کە نە کچی کابرا دەستی تیادا هەبووە, نە خوازیاری خولقاندنی بووە. بەوەی کە کردەوەی فەردی ئینسانەکان بە گەردنی شەخسی ئینسانەکاندا هەڵناواسرێت و کولتورێکی باڵادەستی کۆمەڵگا ئەم تاکە بە خێزان و عەشیرەت و تەنانەت بە نەتەوەیشەوە دەبەستێتەوە, هەر بۆیەش دیاریکردنی تایبەتمەندییە شەخسییەکانی کوژراو کوژەر, ئێمە لەبەرانبەر بەرپرسیارێتییەکی گەورەدا ڕادەگرێت.

کاتێك لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ئینسانەکان بەنهێنی دەنگی خۆیان دەخەنە سندووقەکانی دەنگدانەوە, مەبەستی سەرەکی تەنها دوورخستنەوەی تاکەکان نییە لەو فشارە سیاسییانەی کە دەکرێ بکرێتە سەرییان, بەڵکو بەشێکی گرنگی ئەم شاردنەوەی دەنگە, لە شاردنەوەی ئینتیمای حزبی و ئایدۆلۆژیای ئینسانەکاندایە کە هێندە کارێکی شەخسی و فەردی تەماشادەکرێت, ئینسان پێویست ناکات بزانێت فلانە کەس دەنگی بۆ کێ داوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هەواڵی کەیسی یەکەم کە :" دەست درێژی دەکرێتە سەر ژنێکی 60 ساڵە و بەبێ جل و بەرگ, بەبەستراوەیی دوو شەو و ڕۆژێك لە ماڵەکەیدا دەمێنێتەوە" و نا و ناونیشانی گەڕەکی ژنەی دەستدرێژیکراوە سەر دەخرێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە, ئەوا ئیتر ژنەی قوربانی, نەك هەر خاوەنی خۆی نییە لە میحنەتێکدا کە تێیکەوتووە, بەڵکو بە جەستەیەکی ڕووتەوە وەك تاکێك لە بەرانبەر چاوێکی گەورەی گشیدا نیشاندەدرێت. ئەگەر ئەو کۆدە کولتوریییە کوژەرانەیش لەبەرچاو نەگرین کە کۆمەڵگای کوردی لە دەوری جەستەی ڕووتدا بە تایبەتی هی ژنان, ئەوا هیچ پێوەرێکی ئینسانیش ڕێگامان پێنادات حورمەتی شەخسی ئینسانەکان ئاوا هەڕاج بکرێت.

## ناوی کوژراو لە دۆخی تاوانەکانی شەرەفدا

ئەگەر پاراستنی حورمەتی شەخسی ئینسانەکان پێماندەڵێت کە ناو و ناونیشانی هیچ کەسێك چ وەك قوربانی و چ وەك جەللاد بلاونەکرێتەوە, ئەوا لە دۆخی قوربانییەکانی شەرەفدا کۆمەڵێك هۆکاری تر وامان لێدەکات کە ستراتیژییەکی تایبەت لەبەرانبەر ئەم دیاردە دزێوەی کۆمەڵگای کوردستاندا هەڵبژێرین.

لە ڕۆژگارێکدا دیاردەی بڵاوکردنەوەی ناوی ژنانی کوژراو وەك سەرنجڕاکێشانێکی کۆمەڵگا بۆ ئەم دیاردەیە کارێکی پێویست چاوی لێدەکرا. بە تایبەتی لەلایەن مێدیای دەسەڵات و بۆچوونی کۆمەڵگاوە, بێدەنگییەکی گەورە لە بەرانبەر ئەم دیاردەیەدا باڵ خۆی بەسەر کۆمەڵگادا کێشا بوو. دەستەواژەی "لە قائیمەکەدا بوو", نەك هەر دەربڕی بێدەنگی لە بەرانبەر ئەم کێشەیەدا بوو, بەڵکو مۆری پەسەند لێدانی خۆی لە درێژەدانی ئەم دیاردەیە دەدا. کاتێك چالاکییەکانی بزووتنەوەی بەرابەریخوازی ژنان ئەم پرسیارە دەخاتە سەر ئەجێندای سیاسی و لە پرسیارێکی خێزانییەوە دەیکاتە پرسیارێکی سیاسی کۆمەڵگا و دەکرێتە تەوەری بەرابەرکێی بزووتنەوە سیاسییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کوردستان, ئیتر ستراتیژ دەبێتە ئەوەی کە لە بەرانبەر ئەو بێدەنگییە گەورەیەدا ناچار بە ناو و وێنەی قوربانیەکانەوە ئەم گۆمی بێدەنگییە بشڵەقێنرێت و ڕوخسار و جەستە لە خوێنهەڵکێشراوەکان بکێشرێنە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان.

ئەوەی لە مڕۆدا بچووکترین ڕۆژنامەی کوردستان لە هەر ژمارەیەکیدا, کۆمەڵێك ووردیلە هەواڵی کوشتنی ژنانی تیادایە, ئێمە دەخاتە بەردەمی بێدەنگییەکی گەورەتر کە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ بێدەنگی زەمەنی شەپۆلەکانی ڕەشەکوژی ژناندا هەیە کە لەسەرەتاکانی نەوەدەکانەوە دەستی پێکرد. ئەمجارەیان بێدەنگییەکە لە وەڕەزبوونی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردییدایە بە هۆی هێندە دووبارە بوونەوەی ئەم دیاردەیەوە. لە ئێستادا ئێمە لە دۆخی تێربوونی هەواڵێکداین کە هێندە بە شەوقەوە گوێمان بۆ شلکرد, تا وەڕەز بووین و بە ناچاریش وەك کورتیلە هەواڵێك لە زەینی خۆماندا جێمان بۆ کردۆتەوە. کاتێك تەلەفزیۆنی عێراق هەواڵی دیمەنەکانی جەنگی پیشاندەدا لە سەرەتای جەنگی عێراق و ئێراندا, سەرتاپای کۆمەڵگا لە بەرانبەر شاشەکانی تەلەفزیۆندا دەچەقین. کاتێکیش جەنگ هەشت ساڵی ڕەبەق دەخایەنێت و دیمەنەکانی جەنگیش خوێناویتر دەبن, کوژانەوەی تێڤێکان, دەبێتە کاردانەوەیکی کۆمەڵایەتی گەورە و تەنها سەرانی ڕژێم و دەستوپێوەندەکانی بە بینینی دیمەنەکان سەرمەستدەبن. ئەو بێدەنگییەی لەمڕۆدا لەبەرانبەر کوشتنی ژنان و بچووککردنەوەی

هەواڵەکانی ئەواندا هەیە, زیاتر بە دۆخی کوژاندنەوەی تەلەفیزیۆنەکانی عێراق نزیک دەبێتەوە کە دیمەنە خوێناوییەکانی جەنگ لەلای خەڵکی دروستی کردبوو.

بەڵام ئەوەی کە وامان لێدەکات ناوی قوربانییەکانی تاوانی شەرەف ڕانەگەێنین, بە جیا لەوەی لە دۆخی تێربوونی کۆمەڵایەتی بیستنی ئەم هەواڵە و کوژاندنەوەی تەلەفیزیۆنەکانی ناخمانداین, بناغەیترین میکانیزمەکانی پشت بەرهەمهێنانەوەی تاوانەکانی شەرەفن. واتا ئەو پایە مادییە سەرەکییەی کە تاوانەکانی شەرەفی لەسەر هەڵچنراوە.

لە دۆخی تاوانی شەرەفدا, ئێمە خۆمان لەبەردەم دوو پەرچەکرداری ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەدا دەبینینەوە.

یەکەم: ژن دەکوژرێت و بە نهێنی دەشاردرێتەوە و هیچ پرسە و سەرەخۆشییەکیش بۆ کەسی قوربانی ڕاناگیرێت. لەم دۆخەیاندا, ئەنجامدەرانی تاوان, ئەم کوشتنە هێندە سادە و ساکار پیشاندەدەن کە وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت و کوشنێك لە گۆڕێك نەبێت. ئەم بێدەنگی نیشاندانە ئەگەر چی پرۆسەی سەربەرزکردنەوەی بنەماڵە لە پشتییەوەیەتی وەك هەر تاوانێکی دیکەی شەرەف, هێندە بە ئەعساب ساردییەوە ئەنجامدەدرێت, کە هیچ جێگایەك بۆ قوربانی ناهێڵێتەوە و بێدەنگی ئەنجامدەرانی تاوان, بێقیمەت نیشاندانی کەسی کوژراوە.

دووەم: تاوانی شەرەف ئەنجامدەدرێت و تاوانباران بێدەنگی هەڵنابژێرن و سەربەرزانە لە ئەنجامدانی تاوانەکانی خۆیان دەدوێن, چ لە ناو بنەماڵەدا بێت و چ لە هۆڵەکانی لێپرسینەوەدا بێت. ئەوان دەکوژن تا شەرەفێکی دۆڕدراو بکڕنەوە, ئەوان دەکوژن و سەرێکی نەوی کە "زڕاندنی شەرەف"بەرهەمیهێنابوو, بەرزدەکەنەوە. ئەم پرۆسەی سەرزبەرزکردنەوەیە, تەنها ئاماژەیەکی سیمبولییە بە کۆمەڵگای دەوروبەر کە تا پێش ئەنجامدانی تاوان, بنەماڵەی کچەیان بە بێ شەرەف دەناساند. ناساندنی ناوی کچی کوژراو, ناساندنی ناوی ئەو بنەماڵەیەیە کە ئەم لەکەی عارەی لە ناوچەوانی خۆی کردۆتەوە و لەمڕۆوە سەربەرزانە دەگەڕێت.

ئەم پرۆسەیە لە هەندێك لە کۆمەڵگاکانی تردا بە جۆرێکی دی دەچێتە پێش و ئەم پەیامە بە جۆرێکی دی دەگەێنرێت. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ئوردوندا, بنەماڵەی کچەی کوژراو, پەرچەمێکی سپی لەسەر ماڵەکانیان هەڵدەکەن تا بە کۆمەڵگای دەورەبەرییان ڕابگەێنن, کە پەرچەمی شەرەفییان لەمڕۆوە, هیچ پەڵەیەکی ڕەشی پێوە نەماوە و سەرچاوەی لەکەداربوونی ئەم شەرەفە سپییەمان, لە گۆڕناوە.

کاتێك ناوی کچی کوژراو دەبێتە سەنتەری سەربەرزکردنەوەی بنەماڵەو جێگایەکی هێندە بەرز لە بلندگوتنی پاککردنەوەی شەرەفی لەدەستچووی بنەماڵەدا داگیردەکات, ئەو کاتە بڵاوکردنەوەی ناوی کچی کوژراو, ڕێك بە مانای لەپاڵدا ڕاوەستانی ئەنجامدەرانی تاوانەکانی شەرەفدا کۆتایی پێدێت.

بە واتایەکی دی, بڵاوکردنەوەی ناوی کچی کوژراو لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا کە ڕۆژنامە ئەم دەرفەتەی بۆ دەڕەخسێنێ, بە مانای بوون بە بڵندگۆی ئەو خیتابە کۆمەڵایەتییەی کە لە وتنەوەی ناوی کچی کوژراودا:" ئەوا شەرەفی لە دەسچوومان کڕییەوە", کۆمەککەری ئەم پرۆسەی سەربەرزکردنەوەی بنەماڵە و ئەنجامدەرانی تاوانی شەرەفە.

بەڵام خاڵی گرنگی بڵاونەکردنەوەی ناوی ژن و کچی کوژراو لەوەدایە, کە بنەماڵەیەك کچەکەیان لەسەر تاوانی شەرەف دەکوژرێت, ئیتر کچا ن و کوڕانی هەمان خێزان و بنەماڵە, "فیلمیان دەسووتێت".

ئەویشی کە لە دروستکردنی سیناریۆی:" فیلم سووتاندنی" ئەندامانی تری بنەماڵەدا کاریگەری گەورە دادەنێت, ئەو گەمە گەورەیەیە کە لە پشت تاوانی شەرەفەوە بە تاك و گشت دەکرێت.

قوربانی لە دۆخی تاوانی شەرەفدا, وەك تاکێك خەسڵەتە فەردی و شەخسییەکانی خۆی وندەکات و کردەوە و پراکتیکی ڕۆژانەی, دەبێت کردەوە و پراکتیکی گشتێکی گەورەتر کە خێزان و بنەماڵەیە. هەر بۆیەش کوشتن ئەو باجە گەورەیە کە ئەو دەبێ بیدات.ئەو وەك تاکێك دەبێ لە ناو بچێت, تا گروپ بەها پیرۆزەکانی شەرەفی خۆی بە سپێتی بهێڵێتەوە.

بۆیەش, بڵاوکردنەوەی ناوی کچی کوژراو, وەك چۆن بە بەرزکردنەوەی سەری بنەماڵە کۆتایی پێدێت, هاوکاتیش, لە پرۆسەی :" فیلم سووتاندنی ئەندامە کچ و کوڕەکانی دیکەی بنەماڵەدا, کاریگەری دادەنێت." بە واتایەکی دی ژنی کوژراو لە مەرگیشیدا تاکێك نییە و دووبارە لە بانگەوازکردنی تاکەکانی دیکەی بنەماڵەدا بۆ ژێر ڕکێفی هەمان دیدوبۆچوونی کولتوری شەرەف, دەبێتەوە بە بەشێك لە گروپێکی گەورەتر.

خاڵی جەوهەری لە بڵاونەکردنەوەی ناوی قوربانییەکانی تاوانی شەرەفدا, بە مەبەستی کردنەوەی قوربانییە بە تاکێك لە مەرگیدا, تا ڕێگا لە داخستنی ئەو دەرگایە بگرێت کە بە ڕووی :" فیلم سووتاندنی ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵەدا دەخرێتە سەر پشت." بە مانایەکی دی, بێ ناوکردنی قوربانی لە ڕاپۆرتەهەواڵی ڕۆژنامەکاندا, کردنەوەی قوربانییە بە تاکێك کە مەرگی ئەو لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری لەسەر ئەندامانی دیکەی خێزان دانەنێت.

ئەگەر بە قسەی هەندێك :" ئەوە تەنها مردووەکانە کە شەیتان دەستییان لێهەڵدەگرێت", ئەوا بڵاونەکردنەوەی ناوی ژنی کوژراو, بە مانای پرۆسەی دەسکۆتاکردنی ئەو شەیتانە کولتورییەیە کە لە مەرگیشدا, لە چارەنووسی ژنان نابێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەم خوێندنەوەیەش نەتوانێت قەناعەتێکی وامان پێ ببەخشێت بۆ بڵاونەکردنەوەی ناوی قوربانی و تەنانەت جەللادیش لە ڕاپۆرتە هەواڵی ڕۆژنامەکاندا, ئەوا حورمەتی شەخسی ئینسانەکان و هەڕاجنەکردنی ژیانی تایبەتی ئینسانەکان و کردنی بە موڵکی گشتێکی گەورەتر, بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کۆدە کولتورییانەی کە تاوانی تیا ئەنجامدەدرێت, دەکرێت گەورەترین هۆکارێك بێت بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە شەخسییەکانی ئینسان.